# سەرکۆمارەکەشتان کوردە .. ئیتر چیتاندەوێ ؟!



**هێمن عەبدوڵلا/ هۆڵەند**

دەستنیشانکردنی ( مام جەلال ) وەک سەرکۆماری نوێی ئێراق ، روداوێکی ناوازەیە لە دیرۆکی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناڤیندا ، چونکە ئەوە یەکەمینجارە سەرکۆماریی وڵاتێکی عارەبی کە ساڵەهای ساڵ پرۆگرامی ئیدارەکردنی دەوڵەتی لەسەر بناغەی شۆڤێنیسم و چەوساندنەوەی گەلانی بندەست و کەمینە بەرێوەدەبرد ، دەدرێتە غەیرە عارەبێک ، ئەویش کەسێک کە جاران وەک یاخییوویەک و هەندێجاریش وەک ئاژاوەگێرێکی گەورە دەهێندرایە ناساندن و هاوزمانەکانیشی وەک ئەو هاووڵاتییە پلە دووانە سەیردەکران کە تەنیا بۆیان هەبوو بخۆن و بخەون و زوو زووش سەڵەوات بۆ دیداری موبارەکی پەیامبەر و سەرۆکە عارەبە ئازیزەکەیان بنێرن ! ، بۆیەش دەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستنیشانکردنی مام جەلال ، میللەتە سەڵەواتنێرەکەش رژانە سەرشەقام و ئەوجارەیان موبارەکباییان لە سەرکۆمارە هاوزمانەکەی خۆیان ، بە زمانی ناعارەبی کرد .

*        *        *

( مام جەلال ) سەرکۆمارێکی ئاسایی نییە ، چونکە لە راستیدا ئەوەی ئەمی گەیاندۆتە ئەو پایەیە ، نە وەدەستهێنانی ڕای زۆرینەی خەڵکی ئێراقە و نە ئێستاش هەموو ئەوانەی بە ( ئێراقی ) دەناسرێن ، لە دڵەوە بە سەرۆکایەتیی وی کەیفسازن ، بەڵکو ئەوە دەرەنجامی دە چاڵکەوتنی پۆلەتیکڤانانی عارەبە ، کە بە هۆیەوە ناچاربوون ، یان بە جودابوونەوەی کوردان و لەدەستدانی سەرمایەیەکی گەورەی نەوتی و شکاندنی حورمەتی یەکپارچەییی وڵاتە بە زۆر پێکەوەلکێندراوەکەیان قایلبن ، یانیش ئەوە قبوڵبکەن ، کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی نادرێژخایەنیش بێت ، باڵاترین پۆستی ئیداری لە دەوڵەتەکەیاندا بدرێتە کورد و بە هۆیەوە هەم یەکپارچەیی ئێراق بپارێزرێ و هەمیش پارسەنگی بەشدارینەکردنی سوننە لە هەڵبژاردنەکاندا ، بە پشکداریی چالاکانەی کوردان راست بکرێتەوە .
مام جەلال بۆیەش سەرکۆمارێکی ئاسایی نییە ، چونکە لەو پۆستەیدا کە تازە وەریگرتووە ، نوێنەرایەتیی پارتێک و ئایدیایەکی دیاریکراو ناکات ، بەڵکو زۆرینەی نەتەوەیەک دەگەڵیەتی ، ئەوەی چاودێریشی دەکات تەنیا گروپێکی سیاسی نییە ، بەڵکو میللەتێک چاوی لێیەتی.

*             *             *

له یەکەم وتاری رۆژی دەستنیشانکردنی ( سەرۆک تاڵەبانی) دا ، کە لەبەردەم پارلەمێنتی ئێراق و چاوی کامێرا جیهانییەکان ، بە (زمانی عارەبی!) خوێندیەوە ، دەربرینێکی ئایینیی زاڵ خۆی نومایانکرد ، دەو وتارەدا ، کە دەبووایە بە کوردی و زۆرتر بە قسەکردن دەربارەی مەسەلە هەڵپەسێردراوەکانی وەک کەرکوک و دەستووری هەمیشەیی و باسگەلی گرنگی دیکە بێت ، جەنابی سەرۆک قسەی لە پشتەڤانیی ئێراق بۆ مەسەلەی فەلەستین کرد ، کە پێموایە باسێکی زیادەبوو .

سەرکۆمارە کوردەکەی ئێراق ، ئەگەر باسی فەلەستینیشی نەکردبا ، دڵی عارەبان نەدەڕەنجا ، چونکە فەلەستین بۆ ئەو برا عارەبانە بۆتە باسێکی جارسکار ، دوایێ ئەگەر بۆیان بچینە سەر قورئانیش بەو دوعایەمان ناڵێن ئامین و لای وان ئێمە هەمیشە ئیسرائیلی ژمارە دووین !.

*             *             *

ئەگەر هاونیشتمانییەکانم پێیان وابێت ، بە گەیشتنی کوردێک بۆ پۆستی سەرکۆماری ، ئیتر هەموو شتێک کۆتایی هاتووە ، ئەوە بە داخەوە کەوتوونەتە داوی خۆشخەیاڵییەوە ، چونکە ئەوەی ئێستا روودەدات ، دەستپێکی چیرۆکێکی درێژی دیکەی بەرخودانە بۆ گێرانەوەی مافە لێستێندراوەکانیان . نایشارمەوە کە من زۆر گەشبین نیم و دەشترسم کە لێرەوە پرۆسەی دەمبەستکردنی کورد بە شێوازی دیپلۆماسییانە دەستپێبکات ، ئاخر ئەمرۆ بەیانی ، هاوسێ عارەبە مەغریبییەکەم ، دوای سڵاوستاندنەوە ، پێیگوتم : یا ئەخی .. ئێستا سەرکۆمارەکەشتان کوردە .. ئیتر چیتاندەوێ ؟!.

www.hemnabdulla.blogspot.com